# شەمزینانی راپەریو و هەلوەستی نوسەران و روشنبیرانی کورد ... هاوار حاجی

16-11-2005

لە چەند رۆژی رابردوودا هێزەکانی پاراستنی دەوڵەتی تورکیا (ژیتەم) لە شاری شەمزینان مینیان فرێدایە ناو دوکانی هاوڵاتییەکی کورد و لەئەنجامدا بووە هۆی کوژرانی هاوڵاتییەک، خەڵکی شارەکە هەر لەو ساتەدا دژی ئەو کریارە چەپەڵە راپەڕین و هێرشیان کردە سەر ئەو کەسانەی بەو کارە تیرۆریستیە هەڵسابوون و خەڵکەکە توانیان دوو کەس لە ئەنجامدەران دەستگیر بکەن و پاشان تەسلیمی پۆلیسیان بکەن.
هەر لەسەر ئەم کێشەیە چەند رۆژێکە خۆپیشاندان لە شارەکانی کوردستانی تورکیا بە تایبەتی لە شارەکانی وان، بازیدی و دیاربەکر بەردەوامن بۆ نیشاندانی پشتیوانی بە خەڵکی راپەڕیوی دەڤەری هەکاری و بەتایبەتی خەڵکی خۆراگرو نەترسی شاروچکەی شەمزینان. خۆپیشاندەران ئەو کارە تیرۆریستیەی پیاوانی لەشکەری تورکیا بەتوندی ریسوا وپرۆتەستو کرد و داوایان لە حکومەتی تورکیا کرد کە زووترین کات تاوانباران بدات بە دادگا.
لە سەرەتاوە لەشکەری تورکیا زۆر هەوڵی ئەوەیدا کە شتەکە بشارێتەوە و بێدەنگی لێ بکات، بەڵام لەبەر تەشەنەکردن و بڵندبوونی دەنگی نارەزایی و بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان لە شارەکانی کوردستانی تورکیا لەشکرو حکومەتی تورکیای مەجبور کرد کە دان بەو تاوانە بنێت و قەبووڵ بکات کە لەلایەن چەتەکانی حکومەتەوە ئەنجامداوە.
لەئەنجامی ئەم رووداوە چەند خاڵێک بۆمان روون دەبنەوە کە ئەوانەش ئەمانەن:
- زۆر لەو کردارە تیرۆریستیانەی دژی ووڵاتپارێزانی کورد لە کوردستانی تورکیا کە بویتە ئەگەری لە ناوچونی چەندەها خەڵکی سڤیلی کورد لەم دواییەدا بە دەستی چەتەکانی لەشکر و حکومەتی تورکیا ئەنجام دراون. بەڵام ئەوان لەژێر پەردەی پ ک ک دا شاردویانەتەوە.
- لەم ماوەی دوایی دا چ لە ناوەوە و چ لە دەرەوەی وەڵات لە هەموو چاوپێکەوتن و قسەکانی خوی دا سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی جەختی لەسەر ئەوە کردوە کە گەلی کوردیش مافی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی هەیە، ئەبێت کورد خۆی لە هیچ کەسێکی تر کەمتر نەبینێت و بێ ترس داوای مافی رەوای خۆی بکات، سەرۆکی هەرێم لە چاوپێکەتنێک دا لەگەل رۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەت دا دەلێ، پێویستە ترس نەمێنێت، ترسی لێپرسینەوە و سزادان لای کورد نەمێنێ و پێویستە ئەوانەی بەرامبەریشمان لە داواکاری کورد بۆ سەربەخۆیی نەترسن. ئەم داوایە تاوان نییە. سەرەڕای دەرکەوتنی بارزانی لەکۆشکی سپی بەجلوبەرگی رەنگینی کوردی و ئاخاوتنی کوردی لەگەڵ سەرۆک بوش.
ئەم لێدوان و هەڵوێستانەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی ورەی جەماوەری کوردستانی بەرزکردۆتەوە و باوەڕیەکی بەهێزی بۆیان دروستکردوە.
- خاڵێکی خەراپ ئەوەیە کە کاوسێکی سیاسی لەناو بزاڤی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی تورکیا دا هەیە و هێزو رێکخستنەکانی کوردی لەو بەشە لەئامادەبونێکی باش دا نین بۆ رێبەرایەتیکردنی خەڵکی راپەڕیوی کوردستان.

- چەند رۆژە خۆپیشاندان لە کوردستانی تورکیا بەردەوامە و چەند هاولاتییەکی کوردی سڤیل لەلایەن هێزەکانی دەوڵەتی تورکیەوە کوژرا و بریندارکراون و تا ئێستا لە یەک دوو ووتار نەبێت هیچ شتێکی تر لە نووسەر وروناکبیرانی کورد لە دەرەوی وولات دەرنەکەوتووە، هیچ ماڵپەرێکی کوردی ئەو کارەی رژێمی تورکیای ریسوا نەکردووە، هیچ لایەنێک کەمپانیەکی نەکردیتەوە بە مەرامی ناردنی نامەی ناڕەزایی، یان ناردنی نامە بۆ سەرۆکی دەوڵەتانی زلهێزو رێکخراوە نێونەتەوەییەکان و رێکخراوەکانی مافی مروڤ، ئەم بێدەنگییە بۆچی و لە بەرچی؟